The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com


# له شاری لاهای و کۆڵن تورکیا شەرمەزار کرا











ڕۆژی پێنج شەممە 20-12-2007 کاتژمێر 2 ی پاشنیوەڕۆ , بە بەشداری زیاتر لە 200 کوردستانی لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا پەلاماری ڕژێمی تورکیا بۆ سەر کوردستان شەرمەزارکرا , کوردستانیان لەژێر کرێوەی بەفردا لە بەردەم کۆنسۆلگەری تورکیا لە شاری کۆڵن کۆبونەوەو دروشمیان دژ بە تورکیا داو هاودەنگی خۆیان لەگەڵ ناوچە بۆردومانباراوەکان و گەریلا دەربڕی . ئەم خۆپیشاندانە لە ڕێکخستنی کۆمەڵە کوردییەکان بوو , ناوەندی چاکیش پشکداری تێدا کرد .

بەهەمان شێوە ڕۆژی شەممە 22-12-2007 کاتژمێر 1 ی پاش نیوەڕۆ لە بەرەم باڵوێزخانەی تورکیا لە شاری لاهای هۆڵەندا , بە بانگەوازی کۆمەڵەی کارکەرا کوردستانیٚ لە شاری دەنهاخ و بەشداری کۆڕو کۆمەڵە کوردییەکان خۆپیشاندانێك بە بەشداری نزیك لە 300 کوردستانی لە هەرچوار پارچەی کوردستانەوە میتنگێکی ناڕەزایەتی ڕێکخرا .کوردستانیان ناڕەزایەتی خۆیان دژ بە پالامارداني کوردستانیان دەربڕی و دروشمیان بۆ ئازادی ئۆجەلان دا .

ناوەندی چاکیش یەکێك بوو لەو لایەنانەی لە میتنگەکە وتەی خۆی دا , لە وتەکەی ناوەندی چاکدا ئاماژە بە ئابلوقەی سەر قەندیل و پەلاماری گەریلا درا , ڕاگەیەنرا کوردستانیان ڕێگا نادەن گەریلا بە تەنیا بن لەم جەنگە چارەنووسسازە و داوای هەڵگرتنی ئابلوقەی ناڕەوا دەکەن .ئەمەو میتنگە جەماوەرییەکە نزیك 2 کاتژمێری خایاند , بە سرود و دروشم کۆتایی پێهێنرا .

**ناوەندی چاك**
2007-12-24
www.chak.be
chak_org@yahoo.com

تێبینی : هەر بەیان و بانگەوازێك ئەم ئادرەسانەی سەرەوەی لەسەر نەبێت چاك لێی بەرپرس نییە ئەگەر بەناوی ناوەندی چاکیشەوە بێت .